# ئەحزابی كوردی لەگەمەی ئەمەریكیدا!
# لە پەراوێزی كێشەی كەركوكو ماددەی "58"دا

**سامان كەریم**
zaryak@yahoo.com

مێژووی بزوتنەوەی ناسیونالیزمی كوردو ئەحزابەكانی پڕە لە شكست، ئاش بەتاڵو هەرەس... بەلاّم ڕۆشنبیرانی ناسیونالستی كوردو سەركردایەتی ئەحزابی كوردی، هەمیشە ئەم شكستو هەرەسانەیان گرێداوەتەوە بە هۆكاری دەرەكییەوە، لە لایەكی تریشەوە هەمیشە شكستی خۆیان بەناوی شكستی "خەڵكی كورد"ەوە تۆمار كردوە. " كورد لەگەمەی سۆڤیەت"دا و "كوردو خیانەتی شاهنشاو ڕیكەوتنی جەزائیر"و"ئەمەریكا دەستی بڕین"و... شتی لەم بابەتە بەنوسینو بەكتیبو توێژینەوە هەركەس دەتوانیت گوێی لێبێت یان بیخوێنێتەوە. بەلام لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە خۆیان بەقەدەر سەرە دەرزییەك سود لە تەجروبەكانی خۆیان نابینن.

پارتی دیموكراتی كوردستانو یەكێتی نیشتمانی كوردستانو حزبە كوردییەكانی تر، هەر لە دوای راپەڕینی خەڵكی كوردستانەوە سیاسەتی خۆیان گرێ دایەوە بە سیاسەتی ئەمەریكاوەو ئەمە چەند سالێكی لەچاوەڕوانی ئەوان خایاند، لە چونە پشت ئابلوقەی ئابورییەوە بگرە تاكو دەگاتە هێلەكانی دژە فڕینو... لەدوای 11ی سێبتمبەر 2001ەوەو هێرشی ئەمەریكا بۆ سەر ئەفغانستانو دواتر پاش ئەوەی كە ڕۆشن بوو ئەمەریكا ئەمجارە عێراقی كردۆتە نیشانە، زیاترو زیاتر لە حەلەقەی سیاسەتی ئەمەریكادا دەسوڕانەوە، گۆنگرەی لەندەن لە كۆتایی سالّی 2002دا، كە كۆنگرەی جەنگ بو دژ بە عێراقو پاشان خۆ ئامادەكردن بۆ جەنگو كۆمەكی سەربازیو ئیستخباراتی بۆ هێزەكانی ئەمەریكا لە پێش جەنگدا... ئینجا ڕوخانی حكومەتی قەومی بەعسو بەشدارییان لە تەواوی پرۆسێسی سیاسی كە ئەمەریكا دەیویست لە عێراقدا بچێتە پێشەوە، لە مەجلس حوكمەوە بگرە تاكو دارشتنی یاسای قۆناغی گواستنەوەو حكومەتی گواستنەوەو تاكو هەڵبژاردنە گالتەجارییەكەو تاكو بەشداریكردن لەحكومەتی ئیسلامیەكاندا كە ئێستا لە بەغدایە.

باسی من لەم نوسینەدا ئەوەیە كە خەڵكی كوردستان ڕێگا نەدات، ئەمجارە كاریگەری سیاسەتەكانی "ئەحزابی كوردی لەگەمەی ئەمەریكیدا" بەناوی خەڵكی كوردستانەوە تۆمار بكرێت. شكست یان هەرەس یان مایە پوچ دەرچونی ئەوان بە شكستو هەرەسی خەلكی كوردستان نەنووسرێتو بەحساب نەهێنرێت. ئەم كارە مومكنەو عەمەلیە، بەمەرجی هاتنە مەیدانی خەڵكی كوردستان بەدەوری خواستەكانی خۆیاندا بەمەرجی كۆبونەوەو ڕیكخراوبونیان بەدەوری جیابونەوەی كوردستانو پیكهێنانی دەوڵەتیكی عەلمانیو ناقەومی لە ڕیگای ریفراندۆمیكی گشتیو ئازادەوە.

### ئیستراتیژی ئەمەریكا

لە دوای ڕوخانی بلۆكی بەناو كۆمۆنیزمی سۆڤیەتەوە، ئیستراتیژی ئەمەریكا ڕۆشنو دیارە كە لەیەك رستەدا لەلایەن بۆشی باوكەوە فۆرمۆڵەكرا "نیزامی نوێی جیهانی" بەڕابەری ئەمەریكا(ڕابەرییەكی بێهاوتاو بێ مونافس)، ئەم ئیستراتیژییە تا ئێستا نەك جێبەجێ نەبوە بەڵكو چەندین كۆسپی گەورەی سیاسیو ئایدۆلۆژیو ئابوری لەبەردەمدایە. ئەمەریكاو هێزە ڕاستڕەوەكانی بێ ئومێد بوبون لە جێبەجێبونی ئیستراتیژیەتێكی لەم چەشنەو تەنانەت لە كاتی كەمپینی دەورەی یەكەمی هەڵبژاردنی دەبلیو بۆشدا، باسێك لەم مەسەلەیە نەمابوو، ئەو قەرار بوو واز لە كێشەی فەلەستین-ئیسرائیلو ناوچەی بەلقان بهێنێتو بەجێی بهیلێت بۆ ئەوروپیەكان... بەهەرحال "بن لادنو 11ی سیبتمبەر فریشتەی نەجاتێك بوو بۆ ئەو ئیستراتیژیەی ئەمەریكا" ئەگەرچی بۆ ماوەیەكیش بێت. جەنگی ئەفغانستانو دواتر جەنگی دژی عێراق، و دیاریكردنی وولاتانی محوەری شەڕو بەرپاكردنی جەنگ لە ژێر ناوی جەنگ لە دژی تیرۆرو... درێژەی سیاسەتێكە كە ڕووی لە جێبەجیكردنی ئەو ئیستراتیژیەتەی ئەمەریكایە، دیارە لە ژێر ناوو بیانوی جۆراوجۆردا، كە لەوەی عێراقدا بیانوەكانی بەتەواوی مایەپوچ دەرچون. مەسەلەی ئەمەریكا لەم جەنگانەدا بەجیا لە داگیركاری كە خۆی هۆكارە نەك ئامانج، كۆكردنەوەی وولاتانی زلهێزی رۆژئاوایە وەك فەرەنساو بەریتانیاو ئەلمانیاو هەروەها یابان لەوپەری رۆژهەلات بەدەوری خۆیداو سەلماندنو پێقبولاندنی ئەوانە بەدەوری ڕابەری بێمونافسی خۆیو هەروەها مل كەچ پیكردنی روسیاو چینە بەدەوری ڕابەری تاقانەی خۆیدا، وە ئەم سیاسەتە جێبەجێ نەبوەو ئاسۆیەكیش بۆ جێبەجیبونی نابینرێتو ئەمە میحوەری سەرەكی جێبەجێنەبونی ئیستراتیژیەتی ئەمەریكایە، سەرەڕای بوونی چەندین كۆسپی تر كە لیرەدا جیگای باسمان نیە.

بەم پێیە سیاسەتو ئیستراتیژی ئەمەریكا لە بناغەوە ڕووی لە ملكەچپێكردنی حەریفەكانیەتی، نەك هێزو حكومەتە محەلیەكان لە ڕۆژهەلاتی ناوەراستو ئەفەریقاو ئەمەریكای لاتینیو ....

ئەمرۆ عێراق چۆن بۆتە سەنتەری تیرۆریزمو جەنگی تیرۆریستی نێوان تیرۆریزمی دەولەتی ئەمەریكاو تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسی، بەهەمان شێوە عێراق بۆتە سەنتەری جێبەجێبونی ئیستراتیژیەتی ئەمەریكا بە دوو مانا، یەكەم/ ڕاكێشانی وولاتانی زلهێز بەدەوری سیاسەتی خۆیدا لەعێراقداو

قبولكردنی ڕۆڵی بێمونافسی ئەمەریكا لەلایەن ئەوانەوە، ئەمەیان تا ئێستا نەك نە پێكراوە، بەڵكو دوایین ڕاگەیاندنەكانی بۆش باسی لە شەریك بونی ئەمەریكایە لەگەل ئەوروپادا، شتێك كە ڕاستەوخۆ زەربە لە ئیستراتیژیەتی ئەمەریكا دەدات، بەومانایەی باسمان كرد، دووەم/ زال بونی بەسەر تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسیو دابینكردنی ئەمنیەتو ئارامی لە عێراقدا بۆ ئەمەشیان هیچ ئاسۆیەك دیار نیە، دەوڵەتیكیش كە ناوی لێنراوە دەوڵەت تەنها وشكە كەڵەگێكەو خۆشیان باش دەزانن بەرگەی یەك شنە با ناگرێت. بەم پێیە ئەگەر چی ئەمەریكا حكومەتی بەعسی ڕوخاندو بەم مانایە هەنگاوێكی بڕی بەلاّم تا ئێستا لەباری سیاسیەوە سەركەوتو نەبوە وە لەباری عەسكەریشەوە نەیتوانیوە زاڵ ببێت بەسەر تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسیو دەستەوتاقمە ناسیونالیستیەیە عەرەبیەكاندا. بۆیە ئەمەریكا لە عێراقدا دەیەوێت ئیدارەی ئەزمەیەكی هەمەلایەنە بكات، كە كاریگەریەكی ناوچەییو جیهانیشی هەیە، لەم نێوەدا مەجلیسی حوكمو حكومەتی ئینتقالیو دارشتنی دەستورو هەڵبژاردنو... هەموویان لە چوارچێوەی ئیدارەی ئەزمەیەكدا قابیلی لێكدانەوەیە كە ئەمەریكا دەرگیرییەتیو ڕۆژانە لەباری سیاسیو ئابوریو عەسكەریو مەعنەویەوە دەستو پەنجەی لەگەل نەرم دەكات. كەواتە هێزەكانی بەشداربونی پرۆسێسی سیاسی حوكمرانی ئەمرۆی عێراق لە ڕوانگەی ئەمەریكاشەوە، پرۆسێسێكی جێگیرو پایەدار نیەو بەپێی ئەزمەیەك كە خۆی دەرگیریەتی مامەڵەیان لەگەلدا دەكاتو دەیان باتو دەیان هێنێت.

ئەوەندەی بگەرێتەوە بۆ وولاتانی زلهێزی ئەوروپاو بەتایبەت ئەلمانیاو فەرەنساو ئەگەر روسیاشی بۆ زیاد بكەین ئەوان دەیانەوێت ئەمەریكا لە عێراقدا بەتەواوی نەكەوێت بەلاّم سەروكەلەی خوێناوی بێت. ئەم سیاسەتەی ئەوان لەبەرانبەر كێشەی ئەتۆمی لەگەل ئێراندا بەتەواوی ڕۆشنە. بۆیە لە ئیستراتیژیەتی ئەمەریكادا شتێك نیە بە نێوی "كێشەی كورد" یان" ئەحزابی كوردی". ئەو دەیەوێت زال بێت بەسەر حەریفەكانیو لە عێراقیشدا سەركەوێت بەسەر تیرۆریزمو دەولەتێك پێك بهێنیت كە ئارامیو ئەمنیەت بۆ سەرمایەو سەرمایەگوزاری ئەمەریكیو جیهانی دابین بكاتو عێراق بكاتە بنكەیەك بۆ جێبەجێبونی سیاسەتە دیرینەكانی خۆی لە ناوچەی رۆهەلاتی ناوەراستو ئەم ناوچەیە بكاتە ناوچەیەكی نفوزی تاقانەی خۆیو كاریگەری وولاتانی وەكو فەرەنساو بەریتانیاو روسیاو ئەلمانیای بەسەرەوە نەهێڵێت.

## گشت ئیستراتیژیەتی سیاسی ناسیونالیزمی كورد

ناسیونالیزمی كورد لە ساڵی 1992وەوە فیدرالیزمی قەومی وەك شێوەیەك لەشێوەكانی حوكمرانی لامەركەزی لە عێراقدا كردۆتە ئامانجی سەرەكی خۆیو لەجیاتی ئۆتۆنۆمی بەرزیكردۆتەوە. هەروەها مەسەلەی گێرانەوەی كەركوك بۆسەر كوردستانو لەم دواییەشدا جێبەجێكردنی ماددەی 58ی یاسای قۆناغی گواستنەوەی كردۆتە پایەیەكی سەرەكی جێبەجێبونی ئیستر اتیژیەتی خۆی. بەبروای من بەبێ كەركوكو جێبەجێبونی ماددەی 58تەواوی ئیستراتیژیەتی یەكێتیو پارتی كە حزبە كوردییەكانی تریش لە گەلیدان، بن بەستە. بەجیا لەڕوانگەو بۆچونی ئێمە سەبارەت بە فیدرالیزمی قەومیو ماددەی 58و كێشەی كەركوك كە ئەوان باسی دەكەنو لە ڕوانگەی ئێمەوە  ناوەڕۆكی ماددەی 58 كە بەندی گەراندنەوەی "عەرەبە هاوردەكان"ە بەتەواوی سیاسەتێكی شوفێنیەیەو هەروەها مەسەلەی چارەسەركردنی كێشەی كەركوك بەوشێوەیەی باس دەكرێت، دیسان لەجیاتی چارەسەری ئینسانیانەی كێشەكە، خەلكی كەركوكو تەواوی خەڵكی عێراق دەخاتە نێو كێشەو شەری قەومیو لەهەمانكاتدا چارەیەكی عەمەلیو مومكنیش نیە. سەبارەت بەفیدرالیزمی قەومیش هەر ئەوەیە كە هەیە بەچونە سەری كەركوك یان بێئەوە، ئەوە دووساڵ زیاترە خەلك لەسایەی فیدرالیزمی قەومیدا دەژیو رۆشنە كە دەردێكی نەك دەرمان نەكردوە بەڵكو ڕۆژ بەرۆژ هەلومەرجی خەڵكی كوردستان زیاتر ڕووی لە دڵەراوكێو ترس لە دوبارەبونەوەی كارەساتەكانە، سیاسەتێكیشە كە ڕاستەوخۆ دژ بە خواستی خەڵكی كوردستان دەوەستێـەوە بۆ جیابونەوەو پیكهێنانی ددەولەتێكی سەربەخۆ لە كوردستاندا.. دەلێم بەجیا لە ڕوانگەو بۆچونی ئێمە، ئاسۆی سیاسی ناسیونالیزمی كورد سەبارەت بە جێبەجێبونی فیدرالیزمی قەومیو گێرانەوەی كەركوكو جێبەجێبونی ماددەی 58 بن بەستە لە چوارچێوەی پرۆسێسی سیاسی ئێستای ئەمەریكاو ئیسلامی سیاسیو ناسیونالیزمی عەرەبدا (ئیسلامی سیاسی شیعی كە هاوپەیمانی خۆیانە، هەروەها   ئیسلامی سیاسی سوننی كە ئەمەریكاو حكومتی ئێستا خەریكن دەیانهێننە نیو حكومەتو دەسەلاتەوە).

مەسەلەی بنەڕەتی لە م نێوەدا دەوڵەتە، لە عێراقدا تا ئێستا سیستەمی دەولەت یەكلانەبۆتەوە، عێراق چ جۆرە دەوڵەتێكە؟ دیار نیە. ئیسلامی سیاسی دەیەوێت دەوڵەتی ئیسلامی پێك بهێنێت، ناسیونالیزمی عەرەب بە هاوكاریو هاوبەندی لەگەل ئیسلامی سیاسی سوننیدا دەیەوێت عێراق بكاتەوە بەبەشێك لە نەتەوەی عەرەبو دەولەتێكی عروبی پێك بهێنێتەوە، ناسیونالیزمی كورد لەم نێوەدا تەرحو سیاسەتێكی پێیە كە پێویستی بە ڕێككەوتن هەیە لەگەل ئیسلامی سیاسی بەهەردوو باڵەكەییو بە ناسیونالیزمی عەرەبیشەوە. ڕیككەوتنی ئەوان لەسەر فیدرالیزمی قەومیو پێدانی كەركوكو جێبەجێكردنی ماددەی 58 لەگەل ناسیونالیزمی كورددا مانای واز هێنانە لە بەرنامەو ئامانجێك كە خۆیان لە سەرپایەی ئەوە هێزن یان بونەتە هێزو خەلكیان لەدەوری خۆیان هەڵخراندوە. ڕیككەوتنی لەم چەشنە بۆ هیچ هیزێكی سیاسی لە دنیادا مەترح نیە، چونكە بونو مانەوەی ئەوان بەندە بە ئیستراتیژیەتێك كە پیشتر ڕاگەیەنراوە بۆ هیزیكی ئیسلامی سیاسی،  فیدرالیزمی قەومی ناتوانریت لە دەولەتێكی پایەداردا مانا پەیدا بكاتو هەروەها بەهەمان شیوە بۆ ناسیونالیزمی عەرەب. ئەو هێزەی لە م نێوەدا پێویستی بە ڕیككەوتن هەیە بۆ مانەوەی عێراقی "یەكگرتوو" تەنها ناسیونالیزمی كوردە، تەنها یەكێتیو پارتیە. ئەو ڕیككەوتنەی كە ئێستا هەیە لە نیوان لیستی هاوپەیمانیو ئیئتلافدا، ئێستا بۆخۆشیان واتە بۆ

یەکێتیو پارتیش جیگای گالتە جارییە، تالەبانی بەئاشکرا جەعفەری ئیتهام دەکات لەسەر مەسەلەی کەرکوكو کەمکردنەوەی ڕۆلی وەزیرە کوردەکانو... ئەمە بەجیا لە چەندین ڕاگەیاندنو کارو بڕیاری جۆراوجۆری جەعفەری سەبارەت بە کەرکوكو ئەنجومەنی پاریزگاکانو ئەفسەرانی کورد. دیسان بەجیا لە کێشەی سەرەکی لە نوسینەوەی دەستوردا، لەسەر مەسەلەی جۆری فیدرالیزمو کەرکوكو مەسەلەی یاساکان بەپێی تایفەی دینیوچونە دەرەوەی هیزەکانی ئەمەریکاو.... ئەوە بە ئاشکرا ئەو جەماعەتو لایەنو گروپانەی کە ئەیهەم سامەرائیو شەعلان خەریکن لەگەلیاندا بۆ بەشداریکردنیان لە دەسەلاتدا بەسەرپەرشتی ئەمەریکاو هەروەها خودی شەخسی تالەبانی، ڕاستەوخۆ ڕایان گەیاندوە کە عێراق پیویستە عروبی بێت، کە کەرکوك عەرەبیە یان لەباشترین حالەتیدا دەلین شاریکی عێراقیە هەروەك بلیری سەرۆك وەزیرانی بەریتانیاش ڕایگەیاند... لە لایەکی تریشەوە "ئەمەریکای هاوپەیمانیان" بە ئاشکرا "ئالاکانی کوردستان"ی لە کەرکوکدا بۆ چەندین جار دەدرینێتو لێی دەکاتەوە. ئەمانەو بەجیا لەوەی کە جەعفەری بە ئاشکرا جیبەجیبونی ماددەی 58 کە ماددەیەکی سەرەکی یاسای قۆناغی گواستنەوەو ڕیککەوتنی نیوان هەردوو لیستەکەیە، بێ باکانە بە هاوپشتی ئەمەریکا ڕاگرتووە یەك قروشی بۆ سەرف ناکات. ئەوەش کە تالەبانیو سەرۆکی هەریم لە کۆبونەوەی دوکاندا جەختیان خستە سەر، ئەوە بوو کە کوردە ڕاگواستراوەکان بگەرێنەوە بۆ کەرکوك، وەك ئەوەی کە کەسێك مابێت کە ئاوارەیان نەکردبێتەوە لە شارەکەی خۆیدا لە کەرکوك، ئەوان هەموویان گەراونەتەوە بەلام لەراستیدا لە سایەی سیاسەتی ناسیونالیزمی کوردا ئەمجارە ئاوارەبونەوەو لە ژیانیکی سەختی بێ خزمەتگوزاریو بێ ئیمکاناتیدا ژیان بەسەر دەبەن ئەم ڕاگەیاندنە چەواشەکارانەیە. چونکە ئەوەی لە ماددەی 58 ماوە خستنەوەسەری کەلارو کفریو دوزو... بۆ سەر شاری کەرکوكو دەرکردنی "عەرەبە هاوردەکان"ە کە هیچیان جێبەجێناکرێن بە شێوەیەکی جێگیرو پایەدار لە چوارچیوەی پرۆسیسی سیاسی ئێستادا، هەر قسەوباسو پەیمانێك لەلایەن ئەم هێزانەو ئەمەریکاوە سەبارەت بە جێبەجێبونی ئەو خواستانەی ئەحزابی کوردی جگە لە فریودانو مناوەرەیەکی تەکتیکیو کاتی نەبێت، هیچ مانایەکی پایەداری سیاسی نیە. جێبەجیکردنی ئەم یاسایە لەلایەن هەر هێزیکی ئیسلامی سیاسی شیعی یان سوننی یان ناسیونالیزمی عەرەب یان جەماعەتی عەلاوی مانای مردنی خۆیانە بە ناونیشانی هێزیك کە لە دەسەلاتدان یان دەیانەوێت کێبەرکێ بکەن لەسەر دەسەلات بە حوکمی بەرنامەو سیاسەتێك کە هەیانەو هەروەها هاوکێشە جیهانیو ناوچەییو عەرەبیەکان کە کاریگەری هەیە لەسەریان.

یەکێتیو پارتیو ناسیونالیزمی کورد بەگشتی لە نێو جەرگەی گەمەی ئەمەریکادا پەل دەکوتنو تەنانەت ڕیکەوتنی نێوان یەکێتیو پارتیش لە نیو ئەو گەمەیەدا مەیسەر بوە کە ئاسۆیەکی سیاسی رونی بۆ نەهێشتونەتەوە. ئیدعای دەست کێشانەوە لە حکومەتیش کە جدییەتی تێدا نیە لە دوالێکدانەوەدا ناتوانێت چارەسەری کێشەی ئەوان بکات، بەهەمان شێوە موجامەلەکانی تالەبانی سەبارەت بەوەی کە "سیستانی نیعمەتە" هیچ مانایەك نادات جگە لە زەلیلی سەرکردایەتی بزوتنەوەی ناسیونالیزمی کورد نەبێت. ماوەتەوە سەر ئەوەی خەلکی کوردستان چی بکات، لەسایەی دەولەتیکی کۆنەپەرستی ئیسلامیو قەومپەرستدا؟

## جیابونەوەی کوردستانو پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ:

بەجیا لەوەی کە ئەمرۆ فرسەتی جیابونەوەی کوردستان لە هەموو کات زیاترە. ناسیونالیزمی کوردو لە پێشەوەش سەرکردایەتی یەکێتیو پارتی دەڵێن جیابونەوەی کوردستان کاتی نیەو هەلومەرج لەبار نیە. وەك ئەوەی یەکەم/ ئەوان سیاسەتی جیابونەوەی کوردستانیان ڕاگەیاندبێتو بلێن ئێستا هەلومەرجەکە لە بار نیە، ئەو سیاسەتە تا ئێستا لای ئەوان بونی نیە، دووەم/ وەك ئەوەی کە فیدرالیزمی قەومی زۆر کاتی بێتو هەموو شتێکیان بۆ کرابێتو لەسایەی ئیسلامی سیاسیو ئەمەریکادا گەیشتبنە ئامانجی خۆیان. ئەوان 44ساڵە خەبات دەکەنو چەندین کارەسات بەسەر خەلکی کوردستاندا هاتوە لەم ماوەیەدا، نەیانتوانیوە ئۆتۆنۆمیەکی جیگیرو پایەداریش مسۆگەر بکەن. کەوایە باسەکە باسی خواستی خەلکی کوردستانە باسی ویستو داوای ئەوانە، باسە لە رزگارکردنی خەلکی کوردستان لە شەرو کێشەی قەومیو دوبارەنەبونەوەی کارەساتو ئاوارەییو ئەنفالو سەرکوت. باسە لە چارەسەرکردنی "کێشەی کورد" بەشێوەیەك کە ئیتر کێشەیەك نەمێنیت بەم نێوەوە، وە تەنها خەبات کردن بۆ ئەم مەسەلەیە پەیوەندی هەیە بە چارەسەرکردنی "کێشەی کورد" نەك هیچ تەرحیکی تری لە چەشنی " فیدرالیەت"و "ئۆتۆنۆمی"و... ئەم تەرحو سیاسەتانە تەرحو سیاسەتی حزبە کوردییەکانەو دژ بە ویستی خەلکی کوردستانەو لکاندنەوەی کوردستانە بە عێراقەوە بەپەنجە مۆری خەلك خۆیان لە ڕیگای هەلبژاردنو دەنگدان بۆ دەستورو شتی لەم بابەتەوە.

جیابونەوەی کوردستانو پیکهێنانی دەولەتیکی سەربەخۆی عەلمانیو ناقەومی لەریگای ریفراندۆمێکی گشتیو ئازادەوە، سیاسەتو دروشمیکە ڕاستەوخۆ وەلام دەداتەوە بە داوای خەلکی کوردستان لە رزگار بونیان لە دلەراوکێو گومانو چاوەڕوانی، لەشەری قەومیو کوتایی هێنان بە کێشەیەك کە ناوی "کێشەی کورد"ە. وە لەم هەلومەرجەدا جیابونەوە خەلکی کوردستان دوردەخاتەوە لە شەری تیرۆرو تیرۆریزمو تەقینەوەی ئۆتۆمۆبیلو ئینسانە بۆمبرێژکراوەکان. ئەمرۆ بە پێچەوانەی هەموو ڕاگەیاندنی حزبە دەسەلاتدارەکانی کوردستانەوە، جیابونەوەی کوردستان لە هەموو کات زیاتر فرسەتی لە بەردەمدایەو مومکنە.

جیابونەوەی کوردستان لەهەمانکاتدا ڕیگا دەکاتەوە بۆ چارەسەریکی ئینسانیانەی کێشەی کەرکوك لەریگای دەنگدانی خەلکی کەرکوکەوە بۆ پەیوەست بونیان بە دەولەتی تازە کە لە کوردستاندا پیکهاتوە یان مانەوەیان لە چوارچیوەی عێراقدا، ئەوکات پیوانەی خەلکی کەرکوك، بۆ پەیوەست

بون بە هەر دەولەتێکەوە دەکەوێتە سەر مافە سیاسیو مەدەنیو خۆشگوزەرانیەکانی خۆیان، دیتە سەر ئەوەی کە لە سایەی کام دەوڵەتەیاندا ژیانیان خۆشترو باشترو ئازادتر دەبێت.

ئەم سیاسەتە لە مرۆدا تەنیا رێگای ئازادیو رزگار بونە لە هەلومەرجی ئێستاو بەم پێیەش خەلکی کوردستان خۆی لە گەمەی ئەمەریکی دەردەهێنێت، ئەگەر نا ئەوا جاریکی تریش ئیمە شاهیدی کێشەو شەری قەومیو بەکوشتدانی ڕۆلەکانمان لەسەر پارچە زەوییەكو قەزاو ناحیەیەك دەبین، شاهیدی قولبونەوەی تەفرەقەو کینەو بوغزی قەومی دەبین....  شاهیدی نوسینی چەندین  کتێب دەبین لە پەیوەند بە "کورد لە گەمەی ئەمەریکیدا". حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بەوپەری توانایەوە هەوڵو خەباتی خۆی دەخاتە گەڕ لە پێناو جیابونەوەی کوردستانو پیکهێنانی دەوڵەتێکی عەلمانیو نا قەومی، لە ڕیگای گەڕانەوە بۆ راو ئیرادەی خەلکی کوردستان، لە بەرپاکردنی ریفراندۆمیکی گشتیو ئازاددا.